# ساتێک لەگەڵ منداڵانی سەرشەقام و خۆزگەکانیان

بارودۆخ ناچاری کردوون، کە دووربکەونەوە لە یاری و خوێندن. وازیان لە منداڵایەتیی خۆیان هێناوە لەپێناوی پاروە نانێک، مومارەسەی کاری گەورەکان دەکەن تا وایان لێ هاتووە کە بەحەق منداڵی زەحمەتکێشیان ناو لێ بنرێت.
ئەوان هیچ شتێکیان لەبیر نییە، کە نازی منداڵایەتییان بیر بکەوێتەوە، لەژێر باری قورسی خێزانی، دەستبەرداری خوێندن بوون و رووەو بازاڕ و شەقامەکانی شار ملیان ناوە.

راوێژ لە ئاژانسی
نیوزماتیکەوە وەریگێڕاوە



لە هەولێر، دیمەنی منداڵەکان لەسەر شەقامەکان دەبینیت، کە پاکەتی بنێشت، عەلاگەی نایلۆن، شیرنەمەنی، پاکەتی جگەرە، حەب و دەرمان، یاخود هەر شتێکی تریان بەدەستەوەیە و دێنە پێشت و نمایشی دەکەن بۆ ئەوەی لێیان بکڕیت.
ئەوانە یا پاڵتۆی ( کە بەزمانی شار قەمسەڵەی پێ دەڵێن) زستانەیان لەبەردایە بۆ ئەوەی لە سەرما و بارانی زستان بیانپارێزێت، یاخود کڵاوێکی رەنگاو ڕەنگیان لەسەرە لە هاوینی چرقەی گەرمادا، کە بۆ ئەنتی تیشکی هەتاو بەکاری دێنن.

ئەو دیمەنانە، لەدوای راپەڕینەوە (١٩٩١) هەستی پێ دەکرێت، کاتێک باری ئەو شارە و شارەکانی تریش بەرەو دارمانی ئابووری هات و پەیداکردنی پاروەنانی ژیان بەزەحمەت کەوت، بۆیە خێزانەکان پەنایان بۆ ئەو منداڵانە برد بۆ ئەوەی پشکدارییان بکەن، لە خەرجی رۆژانەی ماڵەکانیان.
توێژینەوەیەکی مەیدانی کە ساڵی ٢٠٠٧ رێکخراوی چاودێری منداڵان لە هەولێر کردوویەتی، ئاماژە بە بوونی ٨٢٤٦ منداڵ دەکات کە لەسەر شەقامەکان کار دەکەن کە تەمەنیان لەنێوان ٣-١٤ ساڵدایە و ٤٠٦٧یش لە سلێمانی و ٢٥٦٥ زارۆکیش لە دهۆک.
مامەڵەکردنی کارکردن بە منداڵ لە جڤاکێکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لە خێزانێکیشەوە بۆ ماڵباتێکی تر. بۆ نموونە: هێندێک خێزانی دەوڵەمەند هەیە کە ئارەزووی ئەوە دەکات لەزووەوە منداڵەکان بخزێنێتە نێو کار و پیشەکانی خۆی، بۆ ئەوەی بەهرەکانی ئەو کارانە فێر بن. بەبێ ئەوەی



پاڵنەرێکی ئابووری لە پشت ئەو ئارەزووەیان هەبێت. بەرانبەر ئەوەش خێزانگەلێک هەیە کە هۆکاری ئابووری لەپشتی ناردنی منداڵەکانیانن بۆ نێو کار و بازاڕ.
دەکرێت ئەو حاڵەتەی دووەم ( کارکردن بەهۆی پاڵنەری ئابوورییەوە) بۆ چەند جۆرێک پۆلین بکرێت، بۆ نموونە: منداڵگەلێک هەن کە بەتەنیا ماڵ بەڕێوە دەبەن چ بەهۆی نەبوونی باوک یا برا گەورە بێت، یا نەتوانینیان یا نەخۆشییانەوە بێت، وەکو مستەفای تەمەن یانزە ساڵ، کە یەکێکە لەوانەی خێزانێکی پێنج کەسی (باوکێکی پیر و دایک و دوو خوشک) بەخێو دەکات.

مستەفا دەڵێت « باوکم بەهۆی ئەوەی کە کاری کرێکاری دەکرد و ڕۆژێکیان بلۆکێکی کەوتە سەر پشتی و ئازاری پێ گەیشت، ئێستا ناتوانێت کار بکات و هیچ مووچەیەکیش لە حکومەت وەرناگرین، بۆیە لەدوای ئەوە باوکم بە ناچاری منی لە قوتابخانە هێنایە دەر و ئێستا بەهۆی فرۆشتنی بنێشتەوە ئەو خێزانە بەخێو دە کەم».
جۆرێکی تر، حەزکردنی دایبابەکانە لە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەتی بەخێوکردنی منداڵەکانیان، بەتایبەتی خەرجی قوتابخانە، بۆیە منداڵەکانیان لە خوێندنگاکان دێننە دەر و دەیانخەنە بەر ڕەحمەتی شەقامە بێویژدانەکانی شار و هەموو ئامانجیشیان ئەوەیە، ئێواران بڕێک پارەیان بۆ بهێننەوە.
ئەوەی لێرە گرینگە ئەوەیە، کە وشیاری کۆمەڵگا ڕۆڵێکی دیاری هەیە، بۆ کارکردن و نەکردنی منداڵ. بەجۆرێک کە زۆربە پێیان وایە کارکردنی منداڵ پێشێلکردنێکی مافەکانیان و پێچەوانەی یاساکانی نێودەوڵەتیی نییە. بەڵکو بۆچوونیان وایە کارکردنی منداڵ لەو تەمەنەیەوە وای لێدەکات کە متمانەی بەخۆی هەبێت و باکگراوندێکی توانستی بۆ داهاتووی خۆی پەیدا بکات.

نـــەوزاد رزگاری منـــداڵ (٨ ســـاڵان)، نیشـــتەجێی کەســـنەزانە (١٠ کیلۆمەتـــر لە رۆژهەڵاتـــی هەولێر)، یەکێکە لەوانە، ئەو دەڵێت« باوکم وەســـتای بینایە و بەشێوەیەکی پچرپچڕ کاردەکات، هەموو رۆژێک ناچێتە کار، بۆیە پارەکەی بەشـــی خەرجـــی ماڵیان ناکات و داوای لێکردووە، کە لە بازاڕ کار بکات»، ئەوە نزیکەی ســـاڵێکە ئەو زارۆکە ، بەیانییان ســـەر لە سپێدەکەی دێتە ناو بازاڕ و وەکو فرۆشـــیارێکی گەڕۆک، جگەرە دەفرۆشێت و ئێوارانیش قازانجەکەی لە دەست باوکی دەکات.

لەســـەر هـــۆکاری نەناردنـــی خۆی و پێنـــج برای بۆ قوتابخانـــە، کوڕەکـــەی رزگار دەڵێـــت « باوکم زۆر دوودڵە لە ناردنمان بۆ قوتابخانە، بەهۆی پێویستیمان بە خەرجـــی قوتابخانە و کڕینی پێداویســـتیەکانی و جلوبەرگ»

هـــۆکارە نێگەتیڤەکانـــی کارکردنی منـــداڵ و خزانی لەکارکردنی دەرەوەی ماڵ، (هیوا محمد) ی توێژەر لە نۆ خاڵی کۆ دەکاتەوە، کە لە کتێبێکی ئەمساڵی (٢٠٠٨) دەریخســـتووە، لادانی کاتی و هەمیشەیی یەکێکە لەو دەرەنجامە نەرێنییانە. جگە لە فێربوونی جگەرەکێشان و دەستبردن بۆ کەتنەکان.

ئەو نووســـەرە، هۆکاری تریش باس دەکات، لەبواری تەندروســـتیی و دەروونـــی، کە بەهـــۆی تێکەڵبوونی ئەو منداڵانـــە لەگەڵ گـــەورەکان و کاریگەری خراپی ئەو گەورانە بەســـەریانەوە دروســـت دەبێت، لە رووی تەندروستیشـــەوە کارکردنی منـــداڵ، نێگەتیڤانە کار لەسەر گەشـــە و هێزی دەکات، بە بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵە هاوتەمەنانەیان کە کار ناکەن.

ئەو توێژینەوەی کە رێکخراوەکەی چاودێری مافی منداڵ لـــە هەولێر ئەنجامیداوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە ٢٢٪ ی ئەو منداڵانە تووشی نەخۆشی جیاواز بوونەتەوە لە ئەنجامی کارکردنیانەوە.

یەکێکی تر لـــە دەرەنجامە خراپەکان، پاشەکشـــەی بەهای خێزانییە لای ئەو منداڵە، بەهۆی پاشەکشـــەی کاریگەری خێزانەکە بەسەرییەوە، چونکە ئەو دەگاتە ئەو هەستەی کە گەورە بووە و پێویستی بە کەس نییە بۆ رێنمایی کردن و وشیار کردنەوەی.

هەمان توێژینەوە کە رێکخراوەکە، بە هاوکاری رێکخراوی پاراستنی منداڵیی بەریتانیی ئەنجامیداوە، ئاماژە بەوە دەکات، کـــە ٦٣٪ ی ئەو منداڵانەی هەولێر ئارەزووی بەردەوامبـــوون لە خوێندن دەکەن، گەر دەرفەتیان بۆ بڕەخســـێت، تا لەو رێگەیەوە بڕوانامەیەک بەدەســـت بێنن و ببنە خاوەنی مووچەیەکی چەسپاو.

نەوزاد رزگاری منداڵ دەڵێت « کاتێک دیمەنی چوونی منداڵـــە هاوتەمەنەکانم دەبینم کە دەچنە قوتابخانە و لەهەمان کاتیش ئازارەکانی خەڵک و پۆلیس دەبینم کە رووبـــەرووم دەبنەوە، ئارەزووی ئەوە دەکەم کە واز لە کارکردن بێنم و پەیوەندی بە قوتابخانەوە بکەم».

ئێـــراق یەکێکە لـــەو وڵاتانـــەی کـــە رێکەوتننامەی نێودەوڵەتیی تایبـــەت بە قەدەخەکردنـــی کارکردنی منداڵانی ژێر تەمەنی هەژدە ســـاڵی، پەسەند کردووە، لێ کێشـــەی هـــەژاری یەکێکە لەو بەربەســـتانەی کە بووەتە هۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو رێکەوتننامەیە.

بەڕێوەبـــەری بەڕێوەبەرایەتیـــی چاودێـــری منـــداڵان لـــە وەزارەتی کار و کاروبـــاری کۆمەڵایەتی، هێندێک چارەســـەر دەخاتە روو بۆ دوورخستنەوەی منداڵ لە کارکردن، وەکوو پڕکردنەوەی کاتە بۆشاییەکانی منداڵ لەکاتی پشووی هاوینە، بە کردنەوەی بنکەی راهێنان و بەهێزکردن و فێرکردن، سەرەڕای کارکردنی وەزارەتی پەروەردە بە ناچارکردنـــی منداڵەکان بە قوتابخانەوە بەشـــێوەیەکی ئیلزامی ( نۆ قۆناخەکەی بنەڕەتی)، کە رێ لەکارکردنی منداڵەکان دەگرێت.

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژە بەوەش دەکات، کە پێویســـتە خێزانەکان وشـــیار بکرێنەوە بە مەترســـی کارکردنی منداڵەکانیـــان، لەگـــەڵ دیاریکردنی ژمـــارەی وەچە نەخاسمە بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان.